www.kurdistannet.org
29-9-2007 1:28بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەر شێوە سازشێک بە سزای سەپاوی دادگا بەسەر تاوانکارانی ئەنفال ڕەتدەکەینەوە**

ئەم لایەن و كەسانەی كە لە خوارەوە ناومان هاتووە، بە توندی ناڕازیەتی خۆمان دەردەبڕین دژ بە فشار و دەستێوەردانی هەندێك كەسایەتی دەسەڵاتدار و لایەنە سیاسییە كوردستانی و عێراقییەكان لە كاروباری دادگا و بڕیارەكانی بۆ سوككردنی سزای پەسەندكراو بەسەر تاوانبارانی ئەنفال، ئەمە بە تاوان بەرامبەر بە خەڵكی كوردستان و قوربانیانی ئەنفال و كیمیابارانكراوان دەزانین، داوا دەكەین یاسا ڕەوتی ئاسایی خۆی بگرێتە بەر و بڕیارەكان لە كاتی دیاریكراوی خۆیاندا جێبەجێبكرێن، هەروەها داخوازین سەرجەم تاوانكارانی ئەنفال بە بێ جیاوازی ڕابكێشرێنە دادگا و هەموو حەسانەیەكیان لێ بسەندرێتەوە لە كاتی لێكۆڵینەوەدا، بە تایبەت لەو كەسایەتیانەی ئێستا لە جێگەی هەستیاردان لە دەسەڵاتدا، نموونەی بەرچاویان وەفیق سامەڕائییە، كە ناوەندەكەمان لە بەرواری 2006-12-6 بە فەرمی داوای یاسایی لەسەر تۆمار كردووە، لە دادگای باڵای تاوانەكان لقی هەولێر، ئێستا ناوی ژمارە یەكە لە لیستی داواكراوان بۆ دادگا، هەروەها تەواوی ئەو گومانلێكراوە كوردانەی لە دادگا ناویان وەك تاوانبار هاتووە، هەموو ئیجرائاتێكی یاساییان لەگەڵدا بكرێت.

لێرەوە ئێمە داوا لە دەسەڵاتدارانی عێراق و كوردستان دەكەین، لە بری ئاسانكاری بۆ دادگاییكردنی تاوانكاران، هیچ ڕێگرییەك لە بەردەم جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگا دروست نەكەن و هاوكاری تاوانباران نەكەن بۆ دەرباز بوون لە لێپرسینەوە، داوادەكەین دادپەروەری نەخرێتە خزمەت سات و سەودای سیاسی و بەرژەوەندی تەسكی حیزبایەتی، كۆتایی بە داڵدەدان و پاراستنی تاوانكاران بهێنرێت.

**وێنەیەک بۆ:**

بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان
بەڕێز سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستان
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان

- بەڕێز سەرۆك كۆماری عێراق
- بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراق
- بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی عێراق

بەڕێز سەرۆكی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق
بەڕێز پارت و لایەنە سیاسی و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەكان عێراق
بەڕێز پارت و لایەنە سیاسیی و جەماوەری و ڕۆشنبیرییەكانی كوردستان
بەڕێز دەزگاكانی ڕاگەیاندن
ناوەندی چاك

2008-9-28

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
29-9-2007 1:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تکایە تەنها بەم ئیمەیلەی کە لە سەرەوە بڵاو کراوەتەوە، ناوەکانتان بنێرن بۆ بەشداریکردن لەم کەمپینە.**

| ناوی سیانی | پیشە | شوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|
| ڕوناك شوانی | نووسەر | سوید |
| ڕوناك ئەحمەد | نووسەر | ئەڵمانیا |
| ڤیان عەبدواڵەزاق | خوێندکار | سوید |
| ئاسۆ عەبدوالله‌تیف | نووسەر | سلێمانی |
| شاخەوان شۆڕش | لێکۆڵەر | دانمارك |
| عەلی قادر | ئەندامی چاك | ئەڵمانیا |
| ئاسۆ بیارەیی | نووسەر | سوید |
| ئاراس عەبدولوەهاب | ڕۆژنامەنووس | دانمارك |
| گۆران هەڵەبجەیی | نووسەر | دانمارك |
| ڕزگار مام بۆرە | شاعیر | هەولێر |
| هیشام ئاکرەیی | نووسەر | سوید |
| عەدنان کۆچەر | هەڵسوڕاوی چاك | بەریتانیا |
| ڕێژین ئیبراهیم | ڕۆژنامەنووس | سلێمانی |
| قادر نادر | نووسەر | سوید |
| خەبات نەوزاد | ڕۆژنامەنووس | هەڵەبجە |
| زۆران کۆچەر | کوری شەهید | بەریتانیا |
| مهاباد ئەحمەد | خوێندکار | بەریتانیا |
| نیشتمان عوسمان شوانی | هەڵسوڕاوی ژنان | هۆڵەندا |
| ئەسکەندەر جەلال | چیرۆك نووس | سوید |
| سەلاح سۆفی | شاعیری منداڵان | سوید |
| عەلی مەحموودمحەمەد | نووسەر | هۆڵەندا |
| عومەر فارس عەزیز | ڕۆژنامەنووس | هۆڵەندا |

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.